www.kurdistannet.org
17-10-2006 18:16 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بۆ مفەوەز (هەردی سلاح) ی گۆرانی بێژ ... فەیسەڵ شێخانی

ئەگەرچی حەزم نەدەکرد بخزێمە ناو ململانێییەکی نا هاوتاوە بەڵام وەك دەڵێن ئەگەر شەڕ هاتە بەر دەرگات ئیدی دەبێ تۆش قۆڵ و باسکتی لێ هەڵبکەی بەتایبەتی ئەگەر ئەم شەڕە لەلایەن کەسێکی لەخۆ بایی و غروور بوو... مفەوەز (هەردی سەلاح) م لە ڕۆژگارێك دا ناسی کە مێشی لە دەمی خۆی نەدەکردەوە، هەرزەکارێکی هێندە بەستەزمان بوو تەنانەت قۆناغی هەرزەکاریشی سروشتی نەبوو هەر ئەم هۆکارەش بوو کە پاڵی پێوە نام و دەستی بگرم و بە خەڵکی و چەند کەسایەتیەکی ئاشنا بکەم ئیدی لە زۆر شوێن و دەزگا کەسایەتیم بۆ دروست کرد، بەڵام چونکە کەسایەتیەکی سروشی نەبوو بۆیە خێرا گۆڕاو وەك کەسێکی نەدی و بدی بەرامبەر بە دۆست و کەسە نزیکەکانی سپڵە دەرچوو.
ماوەیەك بەر لە ئێستا لە ڕۆژنامەی هاولاتی هەواڵێك بڵاوکرایەوە لەسەر (هەردی سەلاح) کە گوایە ناوبراو مفەوەزی ئاسایشی گشتییە لە هەولێر بە حوکمی ئەوەی ماوەی ( (12) ) ساڵە پێشمەرگە و کارمەندی ئاسایشم ئۆباڵی دزەکردنی ئەو هەواڵە خێرایە کەوتە ئەستۆی من و تا ئێرە ئاساییە، بەڵام ئەوەی زۆر بەلامەوە نیگەرانی بوو ئەو هەڵوێستەی (مفەوەز هەردی سەلاح) بوو کاتێك لەناو زۆربەی برادەرەکانی و زۆر شوێندا پڕۆپاگەندەی ئەوەی دەکرد گوایە ئەو واتە هەردی منی لە ئاسایش فەسڵ کردووە، بۆیە منیش لێرەدا چەند ڕستەیەك هەیە کە بەرشاشکاوی بۆ یەکەمجار باسی لێوە دەکەم.
لەگەڵ ئەوەی کە جارێکی تر جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە سەرچاوەی دزەکردنی ئەو هەواڵەی (مفەوەز هەردی) من نەبوومە، بەڵام لەهەمان کاتدا ئێستا دەڵێم بەڵێ من بۆ خۆم (هەردی سەلاح) م کردە مفەوەزی ئاسایش و مانگانەش بەدەستی خۆم مووچەکەم بۆ دەبردەماڵیان تەنها لەبەرئەوەی کوڕە فەقیر و لە خانووی کرێ دابوون و هیچی تر نا. دواتر مادمەکی هەردی ئەوەندە مەسەلەی ئاسایشی لەلا شەرمە کە بە شانازیەوە دەڵێم ئەگەر ئاسایش نەبێت ( (هەردی سەلاح) یش هیچ وجوودی نیە چونکە ئەگەر دەزگای ئاسایش نەبێت مۆسیقاو هەڵپەرینی و زەڕە زەڕی هەردیش نابێت..
لەبەرئەوەی شەمشەمە کوێرەکان لە بازاڕی شێخەڵڵا کڕین و فرۆشتمان پێ دەکەن و دەمان تەقێننەوە، بەڵام پێت دەڵێم کە بە شانازییەوە بۆ خۆم ماوەی دوانزە ساڵە پێشمەرگەی کوردستان بوومە ئیتر ئەگەر پێت شەرمە کاکی مفەوەز بۆ مەعاشی بن دیوار وەردەگری با ڕەتی بکاتەوە و وەکو من گوێبیستت بوویە زۆر جار لە بەر خۆیەوە دەڵێت بەسمە گیانەکەم بەسمە سێسەد هەزار دیناری ئاسایش بەسمە!! پێویستە هەردی ئەوەندە غروور نەبێت چونکە ئەم دونیایە کاروان سەرایە شۆرەتیش تاسەر بۆ کەس نییە و نامێنێ هەتا دوێنێ هەزچی کوڕ و کچی ئەم شارە تەمەننای ئەوەیان دەکرد وێنەیەك لە گەڵ گۆرانیبێژی وەك تەها حاجی و ئەحمەد بێچارە بگرن لە سەرەتای نەوەدەکان شۆرەتیان دەرکردبوو کە لە لووتکە بوون کەچی ئێستا ناویان نەما و بۆ خۆشیان لە بەر چاو نەمان گوم بوون بە هەمان شێوەش دەبێ جەنابیشت لەو ڕاستییە حاڵی بیت کە ڕۆژێك داوێ لە بەر غرووریيەکەت دڵنیام ڕۆژێك نزیك کاسێت و سێ دێ ی تۆش تۆزی لە سەر دەنیشێ و کەس گوێت لێ ناگرێت.
دیسانەوە من دەڵێم شانازیە بۆ من کە 12 ساڵە پێشمەرگەم لەسەر قەزیەی ئیسلامی سیاسی و یان خوانەخواستە گەندەڵی و کاری ناڕەوا نیە من لە ماڵوەم وەك مفوەز (هەردی) دەفەرمووێ ئەو هەردیەی هونەرەکەی کردۆتە تجارەت و حەیل حەبلانێ و لێرە پارچە زەوییەکی وەرگرتووە و لە ئیدارەی پێشووی سلێمانیش هەر لە پەنای گۆرانی گوتن لە بەرامبەر زانکۆی کۆیەش پارچە زەوییەکی تری وەرگرتووە هاوکات لە ڕۆژنامەی ( (پرس) ) یش خوێندمەوە گوایە دایکی هەردی پارچە زەویەکی وەرگرتووە، ئەمە لەکاتێکدایە کە سەدان پێشمەرگە دڵی ڕەنجاوە و کەس و کاری ئەنفالەکان تەنانەت بۆنی زەویان لێ قەدەغەکراوە کە یەکێکی وەکو کاك مفەوەز (هەردی) بە میزاجی فلانە بەرپرس و فیسار حیزب لەسەر

حسابی ئەوان زەوی بۆ کەس و کارو خزم و دۆستین وەردەگرن و بە مۆنیکای جام ڕەش کەشخە و پۆز لە ئەسواق سیروان لێدەدات و کچانی پێ هەڵدەخەڵەتێنێ، بەڵام بێ ئاگایە لەوەی کە ئێستا خەڵك وشیار بۆتەوەو هەموو کەس دەزانێ کە مۆنیکای وەرگەڕایەو بە (95) گەڵایە و هەرکەسێ ئارەزووی بێ دەتوانێ جامی ڕەش بکات و وەك مفەوەز (هەردی) پۆز و کەشخەی پێ لێبدات... !!

لە هەموو ئەمانە سەیرتر کاکی مفەوەز لە ڕۆژنامەی جەماوەر وەکو وەڵامدانەوەی ڕۆژنامەی هاوڵاتی بەناوی قسەکەرێك بەناوی (هەردی سەلاح) ... ؟!

سەیرە من زانیومە سەرۆکی حکوومەت و حزبێکی گەورە قسەکەری هەبێ، بەڵام هەگیز نەمزانیوە گۆرانیبێژێکی نەدیتکە قسەکەرسی هەبێ، ڕاست گوتوویانە (چۆلەکە خۆی هەیە تا وەکو چەلاویشی هەبێ!!) دەمەوێت بڵێم کاك هەردی ئێمە مانان لە سفرەوە دەستمان پێ کردووە بە ماندووبوونی خۆمان بە سەر پەیژەکان کەوتووین نە وەك جەنابت بە سوتفەی ئیلاهی هاتنە مەیدانەکەو ئیدی شەرمی ناوێ لەمەو دوا هەموو خەڵك و کەسێ دەزانن کە جەنابت مفەوەزی ئاسایشی بە دەلیلی ئەوەی من بۆ خۆم داممەزراندووی!! بەڵام بەسە واز لەم قسانە بێنە کە بڵێی من (فەیسڵ) م فەسڵ کردووە ئەو قسە و باسانەی خەڵك وای کرد پەنابەرمە بەر ئەو نووسینە چونکە هەردی سەڵاح خۆی لای خەڵك وای گوتووە، ئەم شتانەی من مشتێکن لە خەروارێك نەوەك زۆر شتی تر لە سەر مفەوەز هەردی دەزانم، بەڵام خۆم زۆر لەوە بە گەورەتر دەزانم ئەگەر نا دەیان زانیاری ورد و گرینگم لە بارەی (کاکی مفەوەز) لە لایە، هەموویان وەکو ئەم چەند دێڕەی سەرەوە دەخەمە بەر بینایی خوێنەر، هەر لە مەسەلەی دوومووچەیی و پڕوپاگەندەی چۆنیەتی شاخ لێڕوانینی... و داکۆکی من و دەسگرتنی هەردی لە چەندین ڕوانگەی وەك گرینگی پێدانی لە لایەن شاعیران و دەزگاکانی ڕاگەیاندن کەسایەتییەکانی وەك نووسەر و ڕۆژنامەوانەکان لە ڕووی گرینگی پێدانی هەردییەوە، ئەو قسانەی کە من دەیکەم هیچیان بێ بەڵگە نین تەنانەت گەورەترین بەڵگە و گەواهیدەری من (خودی مفەوەز هەردی) خۆیەتی، بەڵام کە کار گەیشتە ئەوەی ئەخڵاق وجوودی نەما هەموو پڕوپاگەندە و سپڵەییەکیش ئاسایی دەبێت ئەو کاتانەی مرۆڤ بێ مەعریفەت بڕیاری لەسەر سڕینەوەی ڕابردووەکانی خۆی دەدات هەر ئەو کاتانەش مرۆڤ ئەو قودسیەتەی خۆی لەدەست دەدات کە گەورەترین سەرمایەیە لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا من هێندە ئاسوودەم کە ڕۆژێك لە ڕۆژان یارمەتی منداڵە هەژارێکم داوە تا ئەو ڕادەیەی هەتیوێکی بێ دایك و باوك لە برسیەتی ڕزگار دەکەین کە بێ گومان ئەمەش ئەگەر نەبێتە (مەدح) شەرافەتمەندیەکی گەورەیە بۆ کەسێك هەست بکات دەستی یارمەتی هەیە بۆ کەسانی پێویست بە یارمەتی ئەم دەست درێژ بکەم ئەگەرچی کەسایەتیەکی سەرمایەدار نیم ئەو یارمەتیانەی (هەردی) م بەسەروەت و سامانەکەم دابێ، بەڵام هەمیشە هەوڵمداوە تروسکایی یارمەتیەك بۆ (هەردی) م بەدواییدا هەر هێندە دەمێنێ بڵم ئەگەر لە ئاست قسە وتن لە بارەی منەوە پەردەی دوا شانۆی پڕوپاگەندەکانت دانەدەیتەوە هەموو ئەو شتانەی کە پێویستن لەبارەی تۆوە لە دوو توێی نوسێنێکی تری لەم چەشنە دەیانخەمە ڕوو.

فەیسەڵ شێخانی

قوتابی لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان/ هەولێر